ڕووداو
ئەدەب و کولتوور

ژمارەی داهاتوو:
» دەقێکی نوێی دلاوەر قەرەداغی
» گفتوگۆیەک لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

ژمارە (23) دووشەممە 2017/6/12 email: bijar.hekim@rudaw.net www.rudaw.net

# پەیکەری مۆزایک بۆ شێرکۆ بێکەس دروستدەکرێت

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

بڕیارە ئەمساڵ بە چەند چالاکییەکی هونەریی جۆراوجۆر ساڵیادی شێرکۆ بێکەس شاعیری ناوداری کورد بەڕێوەبچێت و لە ساڵیادەکەشیدا پەیکەرێک دروستدەکرێت و لە شاری سلێمانی دادەنرێت.

هونەرمەند وشیار سەعید بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێویستم زانی بۆ شاعیری کۆچکردوو شێرکۆ بێکەس، پەیکەرێکی مۆدێرن دروست بکەم و چەند مانگێک لەمەوبەر چەند وێنەیەکی جیاوازی بێکەسم دروستکردن و دواتر بیرۆکەی دروستکردنی پەیکەرێکی جیاوازم بەخەیاڵدا هات".

وشیار سەعید ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە کارەکانی دروستکردنی پەیکەری شێرکۆ بێکەس لەکۆتاییدایە و گوتی "شێوازێکی نوێم بەکارهێناوە کە بریتییە لە ستایلی مۆزایک و قەبارەی پەیکەرەکەش مەترێک و پەنجا سانتیمەترە و بەفایبەر کلاس سەبکراون و کارەکەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی سپۆنسەر کراوە.

شێرکۆ بێکەس کوڕی شاعیری ناوداری کورد فایەق بێکەسە و لە 2ی ئایاری ساڵی 1940 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و 4ی ئابی 2013 لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسیەتی خۆی لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی بەخاکسپێردرا.

شێرکۆ بێکەس بە یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی کورد دادەنرێت و خاوەنی چەندین نامیلکە و دیوانی شیعرییە و زۆرێک لە شیعرەکانی بۆ چەندین زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراون.

شێرکۆ بێکەس ساڵی 1987 لە سوێد "خەڵاتی تۆخۆڵسکی" وەردەگرێت، خەڵاتەکەش لەلایەن سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی سوێد ئیگڤار کارلسۆن ـەوە پێشکەشی دەکرێت.

شێرکۆ بێکەس لەساڵی 1992 دەبێتە وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەش لە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو. ساڵی 1998 دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمـی دامەزراند و لە ساڵی 2009 تەواوی بەرهەمەکانی لە هەشت هەزار لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکردنەوە.



# لە لەندەن خەڵاتی جۆرج ئۆروێل دابەش دەکرێت

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە لەندەن خەڵاتی جۆرج ئۆروێل بۆ کتێبی سیاسی بەڕێوەدەچێت و چەند کتێبێکی گرنگی سیاسی لەجیهاندا چوونەتە نێو پێشبڕکێ بۆئەوەی ناسناوی خەڵاتی ئۆروێل ببەنەوە.


بڕیارە ڕۆژی پازدەی حوزەیران لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ڕێورەسمی خەڵاتی ڕۆماننووسی ناودار «جۆرج ئۆروێل» بۆ باشترین کتێبی سیاسی بەڕێوەبچێت و شەش کتێبیش بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکە لەکێبڕکێدان.


جۆناسان داربیشایر، ئەندامی لیژنەی دادوەری و نووسەر لە ڕۆژنامەی فاینێنشاڵ تایمز ڕایگەیاند: « ئێمە ئێستا لە چرکەساتێکی گەورەی مێژووییداین. لەجیهان و لە ناوچەکەدا گۆڕانکاریی خێرا ڕوودەدەن و جیهان ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بووەتەوە، هاوکات کاندیدەکانی خەڵاتەکەش ڕووبەڕووی تەحەدا دەبنەوە بۆ بردنەوەی خەڵاتی ڕۆماننووس جۆرج ئۆروێل».

ئەندامەکەی لیژنەی دادوەری ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە خەڵاتەکە دەبەخشرێتە باشترین کتێب و بەرهەمی سیاسی، بەتایبەت کە ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ دووبارە گەڕانەوەی بۆچوون و چەمکە گرنگەکانی جۆرج ئۆرویل بۆ ناو گوتاری سیاسی لە جیهانی ڕۆژئاوادا، لەوانەش هەندێ چەمکی جێی مشتومڕی وەک «دوای حەقیەت» یان «حەقیقەتی ئەڵتەرناتیف» و «هەواڵی ئەڵتەرناتیف» کە «زمانی نوێ»مان بەبیر دەهێننەوە. جۆرج ئۆروێل لە ڕۆمانی 1984دا کارێکی زۆر لەسەر ئەم چەمکانە دەکات و ئێستاش نێوەڕۆکی ڕۆمانەکە و چەمکە سیاسییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە دووبارە بوونەتەوە جێی مشتومڕی نێوەندی سیاسی.

ئەندامانی لیژنەی دابەشکردنی خەڵاتی ڕۆماننووس جۆرج ئۆروێل بریتین لە بۆنی گریر، نووسەری شانۆیی، مارک لووسوب نووسەر و میدیاکار، ئەریکا وانگنەر نووسەر و ڕەخنەگر و جۆناسان داربیشایر ڕۆژنامەڤان کە لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا لە لەندەن خەڵاتەکە بۆ باشترین کتێبی سیاسی بۆ ساڵی 2017 ئاشکرادەکەن.

ئێریک ئارسەر بلێر کە بەناوی خوازراوی جۆرج ئۆرێڵ ناسراوە، لە 25ـی حوزەیرانی 1903 لە شاری موتیهاری لە هیندستان لەدایک بووە و لە 21ـی کانوونی یەکەمی 1950 لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. ئۆروێل چیرۆکنووس، ڕۆژنامەوان، ڕەخنەگری ئەدەبی و شاعیرێکی ئینگلیزی بوو. زیاتر بەهۆی دوو ڕۆمانی مەزرای ئاژەڵان و 1984 ناوبانگی دەرکرد. ئەم دوو ڕۆمانە بە پڕفرۆشترین ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێن.





# وەرگری نۆبێل دوای 8 مانگ گوتارەکەی بۆ ئەکادیمیای سوێد نارد

## بۆب دیلان: لەنێوان گۆرانی و ئەدەبدا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

«بۆب دیلان» شاعیر و گۆرانیبێژی ئەمریکی کە ساڵی ڕابردوو وەک براوەی خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبی دەستنیشانکرا، دوای هەشت مانگ لە وەرگرتنی خەڵاتەکەی دواجار گوتاری خۆی پێشکەش بە ئەکادیمیای سوێد کرد.

بۆ ئەوەی ببێتە براوەی ماددیی خەڵاتەکە کە بەهاکەی 900 هەزار دۆلاری ئەمریکییە، پێویست و مەرجە لەسەر براوە و وەرگری خەڵاتی نۆبێل گوتار لەبارەی وەرگرتنی خەڵاتەکە، بەشێوەیەکی فەرمی پێشکەشی ئەنجوومەنی ئەکادیمیای سوێد بکات و گوتاری وەرگرانی خەڵاتی نۆبێل وەک یادەوەری لەبەشی دۆکیۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی ئەکادیمیای سوێد هەڵدەگیرێت.


ڕۆژی 10ی کانوونی یەکەمی 2016، بۆب دیلان هونەرمەند و هۆنراوەنووسی ئەمریکی لەلایەن ئەنجوومەنی ئەکادیمیای سوێدەوە خەڵاتی نۆبێلی بۆ ئەدەب پێدرا و دوای ئەوە لە مانگی نیسانی ئەمساڵ لە ڕێوڕەسمێکدا کە نەیتوانی ئامادەی بێت، خەڵاتەکەی پێدرا و گوتاری سەرەتایی لەلایەن ئازیتا ڕاژی، کونسوڵی ئەمەریکا لە ستۆکهۆڵم خوێندرایەوە.

دواتر ئەنجوومەنی ئەکادیمیای سوێد، بۆب دیلانی لە ناردنی گوتارەکەی ئاگادارکردەوە و بۆب دیلان دوای شەش مانگ لە وەرگرتنی خەڵاتەکە، گوتارەکەی بەشێوەیەکی فەرمی بۆ ئەنجوومەنی ئەکادیمیای سوێد ڕەوانە کرد.

بۆب دیلان لە گوتارەکەیدا کە بۆ ئەنجوومەنی ئەکادیمیای سوێدی ناردووە، نووسیویەتی: «کاتێک خەڵاتی نۆبێڵی ئەدەبم وەرگرت، پرسیارم کرد کە چ پەیوەندییەک لە نێوان گۆرانی و ئەدەبدا هەیە؟ ویستم بیر لە بابەتەکە بکەمەوە و دواتر پەیوەندییەکەم دۆزییەوە، بەڵێ لەنێوان گۆرانی و ئەدەبدا پەیوەندییەکی بەهێز و قووڵ هەیە».

وەرگری خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی دەشنووسێ: «من بە هەریەک لە سێرڤانتس، هێرمان میلڤیل و ولیام شەکسپیر کاریگەرم و ئەوان لەژیانی هونەریی مندا کاریگەریی زۆریان هەیە».

بۆب دیلان لە 24ی ئایاری 1941 لەئەمریکا لەدایک بووە. گۆرانیبێژ و گیتارژەن، نووسەر و هۆنراوەنووسی گۆرانیی ئەمریکییە. بە یەکێک لە کەسایەتییە کاریگەرەکانی مۆسیقا دادەنرێت. گۆرانی و کارە هونەرییەکانی لەپێناوی مافەکانی مرۆڤ و ئاشتیدان و سروودی دژی شەڕ و بۆ ئاشتی گوتوون. ساڵی 2012 باراک ئۆباما خەڵاتی ئازادیی سەرکۆماری ئەمەریکای بەخشییە بۆب دیلان .



# مێژووی سـەرهەڵدانی ڕۆمان

## ” یەکەم ڕۆمانی کوردی لەلایەن عەرەبی شەمۆ نووسراوە“



■ سەنگەر زراری

دیاریکردنی سەرەتایەک بۆ ڕۆمان لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی و مێژووی مرۆڤایەتیدا، کارێکی زۆر زەحمەتە، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی بوونەتە بنەمایەک بۆ نووسینی ڕۆمان، ئەو چیرۆک و گێڕانەوە و حیکایەت و بەسەرهاتانەن کە لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتییەوە، لە گوێ ئاگردانەکان و لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا، مرۆڤەکان لە دەوری یەکدی کۆبوونەتەوە و بۆ یەکدییان گێڕاوەتەوە. شێوازە ئەدەبییەکانی چیرۆک و بەسەرهات لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە سەرەتاکانی دەستپێکردنیدا زیاتر بە شێوەی شیعر نووسراون، زیاترینیشیان ئەو داستانانە بوون کە باسی پاڵەوانێتی خوداوەندەکانیان دەکرد، نموونەی دیاری ئەمانەش: ”ئەلیادە و ئۆدیسە“ی شاعیری یۆنانی هۆمیرۆس کە هەشت سەدە پێش زایین نووسراوە و ”ئەنیادە“ی شاعیری یۆنانی ڤێرجیل کە لە سەدەی یەکەمی پێش زایین نووسراوە و هەروەها داستانی ”کۆمیدیای خوداوەند“ی ئەلیگێری دانتی (1321-1265ز).

ئەم داستانانە و زۆربەی داستانەکانی دیکەی هاوشێوەی ئەمانە، بابەتەکانیان چیرۆکئامێزە، بەڵام بە شێوەی شیعر نووسراون، کەواتە دەشێ وەکو بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی دەقی چیرۆکی پەخشانئامێز لێیان بڕوانین.

دەقی ڕۆمانێک کە بەشێوەی پەخشان نووسرابێت نەک شیعر و بە یەکەم ڕۆمان لە مێژووی مرۆڤایەتی دابنرێت و بە تەواوی بەشەکانییەوە مابێتەوە، ڕۆمانی (کەری زێڕین)ـە لە نووسینی نووسەر و فەیلەسووفی ئەمازیغی ”لۆکیوس ئەپۆلیوس (180-125ز)“، ئەگەرچی ڕۆمانێکی دیکە پێش ئەو هەیە بەناوی (سێریکون)، لە نووسینی (گایۆس پێترۆنیس ئەریتەر) کە لە ساڵی (66 ز) مردووە و ڕۆمانێکی تەنزئامێزە، بەڵام بە ناتەواوی گەیشتووەتە ئێمە و هەندێ بەشی لێ فەوتاوە. بۆیە ڕۆمانی (کەری زێڕین)، یەکەم ڕۆمانی کۆنە کە دەقەکەی هیچی لێ نەفەوتابێ و مابێتەوە. ڕۆمانی (کەری زێڕین) بە شێوازێکی نوێی ئەدەبی و بەشێوازی پێکهاتەگەرایی نووسراوە کە کۆمەڵێک چیرۆک لەخۆدەگرێت، کەسی یەکەمی تاک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەو شێوازەی لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتووە، لە سەردەمەکانی دواتر لە گەلێک ڕۆماندا بەکارهێنرا و سوودی لێ وەرگیرا و تا ئێستاش سوودی لێ وەردەگیرێ.

ڕۆمانەکە لە یازدە بەش پێکهاتووە، چیرۆکە سەرەکییەکەی باسی کەسێک دەکات کە زۆر گرنگی بە جادوو دەدات و حەز دەکات ببێتە باڵندە، بەڵام سەرکەوتوو نابێت و دەبێتە کەر. سەرەڕای چیرۆکە سەرەکییەکە، چەند چیرۆکێکی دیکەی درێژ و کورتی تێدایە، هەندێ لەو چیرۆکانە پاڵەوانەکە خۆی بینیونی و هەندێکیشیانی بیستووە و باسی کردوون.

لۆکیوس ئەپۆلیوس، نووسەرێکی لاتینی و گوتاربێژێکی ئەمازیغیی نۆمیدی و فەیلەسووف و زانای سروشت و ڕۆماننووس و شانۆنووس و داستاننووس و شاعیر بووە، خەڵکی ناوچەی نۆمیدیا بووە کە دەکەوێتە وڵاتی جەزائیری ئێستا. ساڵی (125 ز) لە شاری مادور (مداوروش-ی ئێستا لە جەزائیر) لەدایک بووە، ساڵی (180ز) کۆچی دوایی کردووە.

لە دوای ئەوە، توێژەرانی ئەدەبی، باسی ڕۆمانی ”دۆن کیشۆت“ی ڕۆماننووسی ئیسپانی میگڵ دی سێرڤانتس (1547-1616ز) دەکەن، کە بە دوو بەش لە ساڵانی (1605) و (1615) بڵاوی کردووەتەوە و بە یەکەم ڕۆمانی ئەورووپیی نوێ و یەکەم گەورەترین کاری ئەدەبیی جیهانی دادەنێن و بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە. ڕۆمانی ”دۆنکیشۆت“ باسی کەسێک دەکات کە زۆر چیرۆک و داستانی ئەفسانەیی دەخوێنێتەوە و دواتریش خۆی لێ دەگۆڕێت و وا دەزانێت یەکێکە لە پاڵەوانەکانی ئەم چیرۆکانە، بۆیە دەیەوێ بەگژ دنیادا بچێتەوە و زۆر شت بگۆڕێت. شارەزایانی ئەدەبی، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە لە سەدەی هەژدەی زاینییەوە، ڕۆمانی ئینگلیزی لە ئینگلتەرا شێوەیەکی هونەریی ئەدەبی وەرگرت و ”دانیال دیفۆ“ش بە یەکەم ڕۆماننووس دادەنرێت لە ئینگلتەرا، هەرچەندە ڕۆمانەکانی ”دیفۆ“ لە رووی گرێچنیی ڕووداوەکان لاوازە، بەڵام هەردوو ڕۆمانەکەی ڕۆبنسۆن کرۆزۆ (1719ز) و ”مۆل فلاندەرز“، لە زنجیرەیەک ڕووداو پێکهاتوون و کەسایەتییەکانیان کەسایەتی واقیعین و بە شێوازی ئەدەبی نووسراون، بۆیە بە سەرەتاکانی ڕۆمانی ئینگلیزی لەقەڵەم دەدرێن. یەکەمین ڕۆمانەکانی ئەمەریکاش، یادگاری ساڵانی شۆڕشن، ویلیام براون هیل (1765-1793ز) بە نووسەری یەکەمین ڕۆمانی سەرزەمینی نوێ بە ناوی توانای هاوخەمی (1789ز) دادەنرێت. کاراکتەری سەرەکیی ئەم ڕۆمانە، پیاوێکە کاتێک دەزانێ مەعشووقەکەی زڕخوشکی خۆیەتی، خۆی دەکوژێت. هەر لەو ساڵانەدا، سوزانا هاسویل ڕاوسن (1762-1824ز)، ڕۆمانی شارلۆت (1791ز) ی بڵاوکردەوە.

هونەری ڕۆمان زۆر دواتر دەگاتە جیهانی عەرەبی و ڕۆمانی ”ئاقیبەت خێر (حسن العواقب)“ی زەینەب فەواز کە لەساڵی (1899ز) دەرچووە، بە یەکەم ڕۆمانی عەرەبی دادەنرێت، دوای ئەویش ڕۆمانی ”دڵی پیاوەکە (قلب الرجل)“ی لەبیبە هاشم کە لە ساڵی (1904ز) بڵاوی کردووەتەوە، پاشان ڕۆمانی ”بەدیعە و فواد (بديعه و فؤاد)“ی عەفیفە کەرەم دێت کە ساڵی (1906ز) بڵاوی کردووەتەوە. ئەم ڕۆماننووسە ئافرەتانە، پێشەنگی ڕۆمانی عەرەبین و هەرسێکیان لوبنانین. ئەمە لە کاتێکدایە کە تا ماوەیەکی زۆر و بەر لە دۆزینەوەی ئەمانە، لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا، ڕۆمانی (زەینەب)ی محەممەد حوسێن هەیکەل، کە لە ساڵی (1914ز) بڵاوبووەتەوە، بە یەکەم ڕۆمانی عەرەبی دەزانرا.

ئەدەبیاتی کوردی لە ڕووی گێڕانەوەوە، وەکو هەموو بوارەکانی دیکە، لە دوای ئەدەبیاتی وڵاتانی دیکە دێت، یەکەم ڕۆمانی کوردی، لە ساڵی (1935) لە لایەن عەرەبی شەمۆ (1897-1978)، لە ئەرمەنستان بە ناوی (شڤانێ کورمانجا) بڵاوکراوەتەوە کە بە پیتی ڕووسی نووسرابوو، بەمەش (شڤانێ کورمانجا) دەبێتە یەکەم ڕۆمانی کوردی کە چاپکرابێ.

پێش ئەوە، ڕۆمانێکی دیکە هەیە بە ناوی (مەسەلەی ویژدان) کە ئەحمەد موختار جاف لە ساڵانی (1927-1928) نووسیویەتی، بەڵام ئەوکات و بە هۆی نەگونجانی بارودۆخەکە، یان هەر بارودۆخێکی دیکەی پەیوەست بە نووسەرەکەیەوە، ئەم ڕۆمانە چاپ نەکرا و وەک دەستنووس مایەوە، تا دوای ساڵانی حەفتا، ئینجا چاپ و بڵاوکرایەوە.

یەکەم ڕۆمانی چاپکراوی کوردی لە باشووری کوردستان، ڕۆمانی (پێشمەرگە)یە، کە دکتۆر ڕەحیمی قازی نووسیویەتی و سەرەتا لە ساڵی (1338)ی کۆچیی هەتاوی، بەرامبەر (1959) لە شاری ئیرەوانی وڵاتی ئەرمینیا چاپ کرا و چاپی دووەمیشی لە بەغدا لە ساڵی (1961) بڵاوبووەتەوە. سەرەڕای پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و سەرقاڵبوونی زیاتری مرۆڤەکان و خەریکبوونیان بە بابەتە کورت و خێراکان، تا ئێستاش ڕۆمان پێگەی خۆی لەدەست نەداوەو ڕۆماننووسانیش بەردەوام لە ڕووی تەکنیک و گرێچنی و گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە، پەرە بە هونەرەکەیان دەدەن. هەرچەندە لەگەڵ دەرکەوتنی شاشە مۆدێرنەکانی وەکو کۆمپیوتەر و تابلێت و مۆبایلە زیرەکەکان، باسی مەرگی نووسراوی سەر کاغەز و بەر لە هەمووشیان باسی مەرگی ڕۆمان دەکرا، بەڵام قۆناغەکە ئەوەی سەلماند کە ڕۆمان خوێنەری خۆی هەر دەمێنێت و پێگە و بەهای ئەدەبیی خۆی لەدەست نادات.

1 - تاريخ الرواية، الموسوعة العربية العالمية- مجلد (11)، مؤسسة اعمال الموسوعة للنشر و التوزيع , ط2، 1999 .


2 - الحمار الذهبي، اول رواية في تاريخ الإنسانية- لوكيوس ابوليوس، ترجمة: د. ابوالعيد دودو، دار العربية للعلوم، طبعة الثالثة (2004).

3- تاريخ الرواية العربية- د. مقداد رحيم، موقع: جريدة المثقف.

4 - مێژووی ئەدەبیاتی جیهان- باکنر ب. تروایک، و: حەمەکەریم عارف، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر، چاپی یەکەم (2008).

5 - ڕۆمانی کوردی، مێژوو و سەرهەڵدان، لەسەرەتاوە تا ڕاپەڕینی (1991)- سەنگەر زراری. گۆڤاری ڕامان، ژمارە (239)، نیسانی (2017).

# چیرۆک، لە هەرەتی خۆیدا



■ حەمە فەریق حەسەن

هەرجارێک بۆ کوردستان گەڕابمەوە، هاوڕێ چیرۆکنووسەکانی خۆم لە بایەخی کورتە چیرۆک دڵنیاکردووەتەوە. لەم دونیا نوێباوەدا، کە بەهای شتەکان بە هونەریشەوە لە گۆڕاندان، خەڵک ناهەقیان نییە دڵاودڵ بن. بەڵام یەک لەباری داهاتووی کورتە چیرۆک، تا ئێستا هیچ ئاماژەیەکی ئەوتۆ بۆ دڵەڕاوکێ لەگۆڕێدا نییە. بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بایەخی ئەم ژانرە لە هەڵکشاندایە. کاتی خۆی من لە سەمتی وتارێکدا، بە سەردێڕی کورتەچیرۆک هێشتا بەڕێوەیە، بەدرێژی ئەم پرسەم ورووژاندووە. لەوێدا هاتووە:

”لە کورتە چیرۆک دڵاودڵ مەبە. بەڵکو تەواو لێی دڵنیابە، کە دەبێت بە ژانری هەرە لەپێشی داهاتوو... بڕوانە کتێبی: لێشاوی دەنگۆ. دەزگەی ئاراس، هەولێر، 2009“ من لێرەدا تەنیا سێ هۆکاری بەزیندوومانەوەی ژانری چیرۆک دەخەمەڕوو.

**یەکەم:** ڕیتمی ژیان زۆر خێرا بووە. مرۆڤی سەردەم لە هەڵپەی کاری ڕۆژانە و ژیاندا سەری قاڵە و فریاناکەوێت بە شێنەیی بابەتی درێژ بخوێنێتەوە. چیرۆکیش هونەرێکە کورت و پوخت، مەبەست و واتا بەدەستەوە دەدات.

**دووەم:** هەتا دوامای سەدەی بیستەمیش، لە ڕیزبەندی ژانرەکاندا، ڕۆمان لە پلەی یەکەمدا بوو. شیعر بە پلەی دووەم دەهات. بەڵام لەوساوە کە شیعر پاشەکشەی کردووە؛ (دەیان لاپەڕەم لەمەڕ هۆکارەکانی پاشەکشەی شیعر لە دونیای پێشکەوتوودا نووسیوە) چیرۆک جێی شیعری گرتووەتەوەو بووە بە ژانری دووەم. ئەوەبوو خەڵاتی نۆبڵی ساڵی 2013 بۆ خاتوو ئەلیس مۆنرۆی، ژنە چیرۆکنووسی کەنەدایی چوو، کە بە چێخەفی وڵاتی کەنەدا ناسراوە. ئەو خانمە لەسەر کۆی چیرۆکەکانی خەڵاتەکەی وەرگرتووە. ئەم نۆبڵەی خاتوو ئەلیس مۆنرۆ، تاجی نایە سەر کورتە چیرۆک و ئەوەندەی تر ئیعتیباری کورتە چیرۆکی بەرزکردەوە.

**سێیەم:** مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری ژانری چیرۆک، یان ئەدەبی گێڕانەوە بەگشتی ببێت، ئەگەرچی ئەو چیرۆکە لە فۆرمێکی سەرەتاییشدا بێت. تاک ڕۆژانە چیرۆکەکانی خۆی و ئەوانەشی لە ڕێوبانان، لە گەشت و سەیرانان بە چاوی خۆی دەیانبینێت، ڕاستەوخۆ بۆ هاوڕێکانی خۆی لە کێڵگە و کارگە و فەرمانگە دەگێڕێتەوە. هەر لەوێشەوە، ئەوانەیشی کە لەوانی دەبیستێت، دەهێنێت و ناڕاستەوخۆ، واتە لە دەستی دووەمەوە، بۆ ئەندامانی خێزانەکەی خۆی و بۆ ئەوانی تریشی دەگێڕێتەوە. هێشتا تاکی کورد شەقام و چایخانەکانی شار لەپێوە دەدات، تاکو لەوێ ئاشنایەک بدۆزێتەوە و چیرۆکی خۆی بۆ بگێڕێتەوە. منداڵ لە ڕێوبان و لە قوتابخانە، ئەوەی بە چاوی خۆی دەیبینێت، بە چیرۆکی دەکات و لە ماڵەوە بۆ ئەندامانی خێزانەکەی خۆی دەگێڕێتەوە. واتە چیرۆک ڕۆژانە هەم گوێگری هەیە، هەمیش خەڵک هەن ڕۆیدەنێن و دەیگێڕنەوە. ئەگەر جاران حیکایەتخوان، شەوانە لە قاوەخانە و دیوەخانان حیکایەتی گێڕابێتەوە و ڕۆژیش بۆ کاروفرمان بووبێت، ئەوا ئێستا ڕۆژانە، لە قوتابخانەدا، بە شێوەیەکی نوێ، حیکایەت و چیرۆک دەخوێنن و دەگێڕنەوە. شەوانەیش لە فۆرمی زنجیرە دراما یان فیلمدا، بە تاسە و ئارەزووەوە بە دیاریەوە دادەنیشن و چێژی لێ دەبینن.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەی لای خوارەوەدا، کە (محمد الشماع) لێی کردووە:

ئایا لەگەڵ ئەو ڕایەدای کە دەڵێت هونەری کورتە چیرۆک مردووە؟

د.سامی سلێمان، مامۆستای ڕەخنەی عەرەبیی هاوچەرخ لە بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە زانکۆی قاهیرە، دەڵێت: ”نا نەمردووە، لە ساڵانی چلی سەدەی ڕابردووەوە کورتە چیرۆک هاتووەتە نێو ژانرەکانەوە. وەلێ ئێستا ڕۆمان لە سەرەوەی لیستی ژانرەکاندایە. بەشوێنیدا کورتە چیرۆک دێت. دەتوانم بڵێم لە ئیعتیبار و پێگەدا ڕکابەری ڕۆمانە، ئەمە یەک لە باری نیشتمانی عەرەب. لە جیهانیشدا جیاوازیی ئەوتۆی نییە، ئەگەرچی زۆرێک لە سەردنووسەکان ڕوویان کردووەتە نووسینی سیناریۆ. ئێستا چیرۆک و ڕۆمان دیوانی عەرەبن.“

مرۆڤ بە سروشت مەیلی لێیە، دەربارەی ژیان و گوزەرانی خۆی، لەمەڕ سەروەری و ئەو غەدرانەشی کە زەمانە، یان ئەم و ئەو لێی کردوون، بۆ دەوروبەری خۆی، یان لای کەم بۆ هاوڕێ نزیکەکانی خۆی بدوێت و خەڵکی لێ ئاگادار بکات. مرۆڤ شەکوای حاڵی خۆی و دەردیدڵ لەلای کەسە نزیکەکانی خۆی دەکات. هاوکات سۆزیشی بۆ ڕابردووی خۆی هەیە، سۆزی بۆ ئەو کەسانەیش هەیە کە سەروەختێک لەگەڵیاندا ژیاوە. سۆزی بۆ ئەو شوێنانە هەیە کە لێیان ژیاوە. مرۆڤ خۆزیاو بریایەتی جارێکی تر سەری کۆنە مەفتەنی خۆی بداتەوە، تاکو بزانێت داخۆ چیی لێ دەگوزەرێ و چیی بەسەرهاتووە.


ئەو پێی خۆشە ئەو لانەوبانانە ببینێتەوە کە ژیانی لێ گوزەراندووە. هەر نەبێت، جاروبار لەم و لەو هەواڵی ئەو ئاشنا و شوێنانە بزانێت کە ئەو سەردەمێک لەگەڵیاندا ژیاوە. هاوکات مرۆڤ چاویشی لە داهاتووە و بەتەنگیەوەیە، سڵی لێ دەکاتەوە. داهاتوو تاک تووشی دڵەڕاوکێ دەکات، چونکە ئەو دەیەوێت بە دروستی بیخوێنێتەوە، بەڵام چەند دەکۆشێت ئەم کارەی بۆ جێبەجێ ناکرێت. داهاتوو وەک تونێلێکی تاریکە، ئەوسەری نادیارە، ئەگەرچی ئەو زۆری مەبەستە بزانێت، بەرەوکوێ مل دەنێت و لەکوێوە سەر دەردەکات؟ داخۆ داهاتووی ڕووناکە یان تاریک؟ ئەم هەموو دڵەڕاوکێیەش بە چیرۆک ڕایی دەکرێن و تەنیا ئەدەبی گێڕانەوە لە هەقیان دێت. یۆستاین گاردەر دەڵێت ”هەتا چیرۆک هەبێت خوێنەریش هەیە. مێشکی مرۆڤ بۆ چیرۆک دروستکراوە.“

ئەدەب بە گشتی، چیرۆک بە تایبەتی، هەر تەنیا بەشوێن جوانییەوە نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم بەشوێن کەشفکردنی ڕاستیدا وێڵە. ئەوەندەی بەشوێن دیوی دەرەوەی شتەکاندا عەوداڵەو چاو ورد دەکاتەوە، دوو ئەوەندە، بگرە زیاتریش بە ناخی شتەکاندا شۆڕدەبێتەوە، ڕۆدەچێت و دەیەوێت دەروونی تاکەکانیش بخوێنێتەوە. چیرۆک زیاتر لە ناخی دیاردە و مرۆڤەکان دەکۆڵێتەوە، تا لە ڕووکەش و دیوی دەرەوەیان. نووسەر لەڕێی گوتوبێژ، تێکەوتن، هەڵەو ملانێی نێوان مرۆڤەکان خۆیانەوە، دزەدەکاتە نێو ناخیان و دەیانخوێنێتەوە. سەرنجی خوێنەر بۆ لای ئەو دیاردانە ڕادەکێشێت، کە لە دەوروبەردا هەن و ئەو هێشتا هەستی پێ نەکردوون. ئەو لێرەوە خوێنەر بەرەو ڕامان و بیرکردنەوە دەبات.

لەلایەکی ترەوە، ئەوە گرنگ نییە، نووسەر لەو دەقەدا چیی وتووە و چیی گێڕاوەتەوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە، نووسەر ئەوەی کە ویستوویەتی بیڵێت و بیگەیەنێت، چۆنی وتووە و چۆنیشی گێڕاوەتەوە؟ ژانری چیرۆکیش بواری زۆری بۆ مانۆڕ، ئەزموونەگەری، فرەڕەنگی لە تەکنیک و فرەدەنگی لە گێڕانەوە تێدایە.

(د.ثائر العذاري) لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (جسد الحكاية و جسد النص القصصي) ئاوا دەڵێت: ”یەکەم ڕستەی چیرۆک ئەو تەڵەیەیە کە خوێنەر بۆڵای خۆی کێش و دیل دەکات، ئەو ئیتر ناتوانێت لێی دەرچێت، تا نەگاتە ڕستەی کۆتایی، ئەمە ڕستەیەکی فریودەرە، بە چەند وشەیەکی کەم زانیاریی زۆر پێشکەش بە خوێنەر دەکات، بەڵام زانیاریگەلی ناتەواون، فزوولی خوێنەر دەورووژێنن و بۆ پێشەوە پاڵی پێوەدەنێن بۆ خوێندنەوەی تەواوی دەقەکە.“

چیرۆک ژانرێکی کورتە، لەڕێی گی دی موپاسان، ئەنتوان چێخەف و ئەدگار ئالان پۆوە، وەک هونەرێکی جوان، بە تایبەتمەندیی خۆیەوە ناسرا. پشت بە سەرنج و تێبینیی وردی نووسەر لەسەر مرۆڤی تاک دەبەستێت. ئەگەر ڕۆمان ئەدەبی گێڕانەوەی فرەدەنگی بێت، ئەوا کورتە چیرۆک زیاتر هونەری گێڕانەوەی تاک دەنگییە. ئەمیش وەک ژانری شیعر، دەست بە وشەوە دەگرێت. کارەکتەرێکی سەرەکیی هەیە، بە ڕەهەندەکانی جەستەیی، کۆمەڵایەتی، دەروونی و هزرییەوە، ئەگەرچی بواری درێژەپێدانی ئەم ڕەهەندانەشی نییە، مەگەر لێرەو لەوێ ئاماژەیان پێ بدات. لە دەوری تاکە بیرۆکەیەک دەسووڕێتەوەو یەک ئامانجیشی هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ژانرێکی هێژایە و لە ڕیزی پێشەوەیە. بەو واتایەی بە جەماوەری بووە و خوێنەری زۆری هەیە. وێڕای ئەوەی چیرۆکی بەپێز بۆی هەیە ببێت بە کەرەسەی خاو بۆ کاری شانۆیی و فیلم. واتە ژانرێکە بەگەڕدەخرێت، شانۆ و تەلەڤزیۆن و سینەما کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەمەیش یەکێکە لە هۆیەکانی مانەوەی وەک ژانرێکی هێژای زیندوو.





# دۆستۆیڤسکی

## باشترین قوتابخانەیە بۆ خۆدۆزینەوە

### گفتوگۆیەک لەگەڵ «لودمیلا ساراسکینا» لێکۆڵەری تایبەت بەژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکی

■ وەرگێڕانی: هەژار



لودمیلا ساراسکینا، پسپۆڕی زمان و ئەدەبیات، مێژوونووسی ئەدەبی، لێکۆڵەری تایبەت بە ژیان و بەرهەمەکانی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی. نووسەری زیاتر لە 10 کتێبە و لە نێویشیاندا کتێبی ساڵ (2008) و کتێبی گەورە (2008 لە دوو بەشدا). وەک پرۆفیسۆر لە وڵاتانی دانیمارک و ئەمەریکا و پۆڵەندا وانەی گوتووەتەوە و لە ئەڵمانیا و ژاپۆنیش وانەبێژ بووە. هەروەتر خاوەنی چەندان خەڵاتی ئەدەبیی رووسییە. لودمیلا لەم هەڤپەیڤینەدا باسی کارەکانی دۆستۆیڤسکی دەکات.

**پرسیار: ئایا دیدگای دۆستۆیڤسکی بۆ ئایین شتێکی ریزپەڕ بوو؟ کام کارانەی زیاتر لەمەڕ ئایینەوە دواون؟**

**وەڵام:** دیدگای تایبەتی دۆستۆیڤسکی لەمەڕ ئایینەوە بەشێکە لەو راستییەی ئیمانی ئەو بەرگەی ئەو ئازار و گومانانەی گرتووە کە تەنگەتاویان کردووە. بیروباوەڕە ئایینییەکانی زۆر بە روونی لە رۆمانی ‹‹برایانی کارامازۆڤ››دا گوزارشتیان لێ کراوە.

**پرسیار: حەز دەکەم هەڵوێستی دۆستۆیڤسکی لەبارەی مەسیحییەتەوە بزانم.**

**وەڵام:** دۆستۆیڤسکی مەسیحییەکی ئۆرتۆدۆکسی بوو، بە چاوی پڕ لە ئەڤینەوە سەیری مەسیحی کردووە.

**پرسیار: پێتوایە رۆمانی ‹‹خەونی پیاوە گاڵتەجارەکە›› مەبەستێکی ئایینی رووحانی لەپشتەوە بێ یاخود زیاتر مەبەستێکی مرۆڤانەیە؟**

**وەڵام:** ئیمانی دۆستۆیڤسکی توانایەکی شاراوەی بەرامبەر مرۆڤایەتی هەیە. بۆیە لە ‹‹خەونی پیاوە گاڵتەجارەکە››دا بیرۆکە ئایینی و مرۆڤانەییەکان وا دیارن کە لێک جوێ نابنەوە.

**پرسیار: بە چ شێوەیەک راسکۆلنیکۆڤ دەبەسترێتەوە بە ‹‹من››ی دۆستۆیڤسکی خۆیەوە؟**

**وەڵام:** دۆستۆیڤسکی تێگەیشتنێکی زۆر روونی هەبووە بۆ گشت پاڵنەر و مۆتیڤەکانی راسکۆلنیکۆڤ، بەڵام وەک خودی خۆی قەت وەها ئەزموونێکی نەکردووە و نەچەشتووە.

**پرسیار: ئایا دۆستۆیڤسکی لە ئەزموونی خۆیەوە نووسیویەتی؟ ئایا نەخۆشیی ئەقڵی هەبوو؟ ئایا هیچ کێشەی لەگەڵ یاسا هەبوو؟**

**وەڵام:** بێگومان، ئەزموونی خۆی بەکار بردووە، وەک هەموو نووسەرێکی تر. ئەو نەخۆشیی ئەقڵی نەبوو؛ تەواو بەهۆش و بە ئاوەز بوو. لە دەورانی لاویدا بەدەست هەڵچوون و هەراسانی و ترس لە خەواڵوویی و بێهێزییەوە ئازاری چەشتووە. سەبارەت بە یاسایش، لەبەر بەشداریکردنی لە مشتومڕی شۆڕشێکدا لە ساڵی 1849، دەستگیر کرا، بە هۆی هەوڵدان بۆ تەقەکردن لە تاقمێک حوکمی مەرگی بەسەردا سەپێنرا. بەڵام دواتر و پاش چوار ساڵان کاری قورس و دژوار حوکمەکەی لەسەر سووک کرا و نێردرا بۆ مەنفا بۆ خزمەتی سەربازی. لە ساڵی 1859 ئازاد کرا.

**پرسیار: چی هۆکاری سەرئێشەی تووند و پەرکەم بوو لە دۆستۆیڤسکیدا؟**

**وەڵام:** بە زۆری ئەو قورساییەی کاری کەمپی سەربازی خستبوویە سەری و کاتەکانی لە زینداندا.

**پرسیار: کە گەنج بوو بە کێ سەرسام بوو یان کێ ئیلهامی پێ دەبەخشی؟**

**وەڵام:** ئەو ئاڵوودەی کارەکانی کارامزین، پووشکین، شەکسپیر، شیللەر و گۆتە بوو.

**پرسیار: جیا لە پووشکین و جۆرج ساند، دۆستۆیڤسکی شەیدای کام بیرمەند و نووسەر بوو، کێ کاریگەری لەسەر داهێنانی ئەو دانا؟**

**وەڵام:** شەکسپیر، شیللەر، بالزاک، گۆتە، هۆفمان و هیۆگۆ.

**پرسیار: ئایا دۆستۆیڤسکی دەروونناسی پزیشکیی خوێندووە؟**

**وەڵام:** هەرگیز بە فەرمی نەیخوێندووە، بەڵام هەر بە غەریزە لێی تێگەیشتووە.

**پرسیار: کام ساتانە [لە ژیانی دۆستۆیڤسکیدا] کاریگەرییان لەسەر نووسینی داناوە؟**

**وەڵام:** منداڵێتی، بەشداریکردنی لە بازنەی ئەدەبیی شۆڕشگێڕانەی پێتراشیڤسکی و کاری سەخت و دژواری کەمپی سەربازی.

**پرسیار: ئایا دۆستۆیڤسکی لە ئاڵوودەبوونی بە قوماربازی نەجاتی بوو یاخود تا کۆتایی ژیانی هەر بەردەوام بوو؟**

**وەڵام:** نەجاتی بوو. لە کاتی نووسینی رۆمانی ‹‹شەیتانەکان›› لە ساڵی 1871دا، بۆ دوایین جار قوماری کرد. بە گشتی، ئاڵوودەبوونی ئەو بە قوماربازی 10 ساڵی خایاند.

**پرسیار: ئایا دۆستۆیڤسکی ژنەکەی خۆشدەویست؟**

**وەڵام:** دۆستۆیڤسکی دوو جار هاوسەرگیری کرد. یەکەم ژنی هەر بەگەنجی و بە نەخۆشیی سیل مرد. چواردە ساڵیش لەگەڵ دووەم ژنیدا ژیا، و زۆریشی خۆشویست.

**پرسیار: باشترین رۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی کامانەن تا لەڕێیانەوە بیناسین؟**

**وەڵام:** زۆر باشترێکە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەیت؛ لە ‹‹هەژاران››ـەوە هەتا کۆتایی.

**پرسیار: کام رۆمانانەی لە رووسیا زۆرتر دەخوێنرێنەوە؟**

**وەڵام:** بەپێی ئامارەکان؛ تاوان و سزا، شەیتانەکان، ئینجا گەمژە.

**پرسیار: ئایا پێش بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی هیچ جۆرە سانسۆرێک هەبوو لەسەریان؟**

**وەڵام:** لە ‹‹شەیتانەکان››ـدا بەهۆی سانسۆرەوە تەواوی پاژی ‹‹لە تیخۆن›› سڕایەوە. ئەم پاژە دواتر و بە جیا و لە چەند شوێن و کاتێکی جیاوازدا بڵاوبووەوە.

**پرسیار: دۆستۆیڤسکی لە ‹‹شەیتانەکان››ـدا دەیەوێ چیمان پێ بڵێ و چیشمان پیشان بدا؟**

**وەڵام:** دەیەوێ مەترسییەکانی جۆشوخرۆشی شۆڕشمان پیشان بدا و کۆمەڵگە لەم مەترسییانە وریا و ئاگادار بکاتەوە.

**پرسیار: بۆچی کاراکتەری رۆمانەکانی هەمیشە لەوپەڕی توونديی بارودۆخی ئەقڵیدان و لەسەر لێواری خۆکوشتنن؟ ئەم هەموو تاریکی و دڵتەنگی و پەژارانە لە کوێوە دێن؟**

**وەڵام:** دۆستۆیڤسکی بڕوای وا بوو کە مرۆڤ لەسەر سنوور و لێواری بارودۆخەکان باشتر هەست دەکا و تێدەگا وەک لەوەی ژیانێکی رۆژانەی ئاسایی بگوزەرێنن.

**پرسیار: بیستوومە کە نووسەر پلانی هەبووە پاشکۆیەک بۆ ‹‹برایانی کارامازۆڤ›› دابنێ، بەڵام قەت نەبوو و نەکرا. ئایا هیچ وردەکارییەک لەوبارەیەوە دەزانیت؟**

**وەڵام**: بەڵگەیەکی سەرگوزشتەیی هەیە کە ‹‹ئالیۆشا کارامازۆڤ›› دەبێتە بکوژی ‹‹تزار››ـێک و ئەوەیش کە خۆی لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕییەوە دەگلێنێ. (بەڵگەکە: لە کاتێکدا دۆستۆیڤسکی هیچ نووسراوێکی لە دوای خۆی بەجێنەهێشتووە کە نیازی لە نووسینی وەها پاشکۆیەک هەبێ، زۆرێک لە هاوچەرخەکانی خۆی دەڵێن نووسەر وەها پلانێکی هەبووە، ئەمانەیش تەنیا بیرۆکەگەلێکن کە شیاون بۆ ئەوەی بخرانایاتە ناو چیرۆکەکەوە).

**پرسیار: لە نۆڤلێتی ‹‹یادداشتەکانی ژێرزەمین››ـدا، نووسەر مەبەستی چییە لە (پیاوی سرووشت و هەقیقەت)؟**

**وەڵام:** واتە کەسێکی سرووشتی و منداڵێکی سرووشت، کە هەر لە سکی دایکییەوە هەست بە هەقیقەت دەکا.

**پرسیار: وەک دیارە بیرۆکە سەرەکییەکانی دۆستۆیڤسکی لە رۆمانەکانیدا لەڕێی دیالۆگ و کاراکتەرەکانەوە دەردەبڕێ، وەک لەوەی لەڕێی مۆنۆلۆگەوە بێ. ئایا نووسەر بە ئەنقەست ئەمەی کردووە؟**

**وەڵام:** بەڵێ. دۆستۆیڤسکی بڕوای وایە کە کاراکتەرەکان زیاتر لەڕێی دیالۆگەکانەوە دەتوانن گوزارشتیان لێ بکرێ و گوزارشت لە خۆیان بکەن، کە ئەمەش زیاتر لە دراماوە نزیکە. ئەو وابەستەی بنەمای گێڕانەوە بوو: هەستەکان، نەک وشەکان.

**پرسیار: بۆچی پێویستە من رۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی بخوێنمەوە؟**

**وەڵام:** چونکە ئەوان باشترین قوتابخانەن بۆ فێربوون و خۆدۆزینەوە.

سەرچاوە: Russia Beyond The Headlines

# دامەنی یار لەلای مەحوی



■ دامگا هەورامی

مەحوی دەفەرموێ:

« نەگەییە دامەنی دەستی دوعا، جا دەبمە خاکی رێی-

تەریقەی گۆشەگیری بەردەدەم، ئەمجارە رێ دەگرم »

شێوازی هۆنینەوەی شیعر لەلای مەحوی شێوازێکی تایبەتە و زۆربەی شیعرەکانی لێڵیەکیان تێدا هەیە، ئەمەش وای کردووە شیعرەکانی مانایەکی فراوان و فرەلایەنە لەخۆبگرن. بۆیە لە کاتی خوێندنەوە و شیکردنەوەی هەر بەیتە شیعرێکی مەحویدا، ناکرێت تەنیا یەک شێواز و لێکدانەوەی بەسەردا بسەپێنرێت و هەر بەو جۆرە مانا بکرێتەوە. ئەو بەیتە شیعرەی سەرەوە یەکێکە لە بەیتە شیعرەکانی مەحوی کە دەکرێت بە چەند شێوازێک خوێندنەوەی بۆ بکرێت. لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو دیوەی کە بۆ ئێمە و لە ئێستادا رۆشنە بیخەینە بەر چاو.

لەم بەیتە شیعرەی مەحویدا شێوازی پاڕانەوە (دوعا) بەدیدەکرێت. زۆرجار لە کاتی داواکردنی شتێک لەکەسێک بەتایبەتی ئەگەر کەسی بەرامبەر لە پلەیەکی باڵاتردا بێت و داواکردنەکە شێوازی پاڕانەوە وەربگرێت، بڕگەی (دەستم بە دامێنت) بەکار دەهێنرێت. دیارە لێرەدا مەحوی رووی دەمی لە مەعشوقەیە، لەم بارەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە عاشق و مەعشوق لە یەک ئاستدا نین و مەعشوقە هەمیشە پلەیەکی باڵاترە لە عاشق. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە مەحوی داواکردنەکەی لە شێوازی داواکاریەکی ئاساییدا نەبووە و شێوازی پاڕانەوەی وەرگرتووە.

هەر لە نیوە دێڕی یەکەمدا، مەحوی نەیگوتووە (دەستی دوعام) یان روونتر بڵێین (م)ی راناوی لکاوی بەکارنەهێناوە. ئەمەش دەکرێت لەبەر دوو هۆکار بێت. یەکەم، لە رووی زمانەوانییەوە، ویستبێتی بەر بە درێژدادڕی بگرێت و دوو جار ئەو راناوە بەکارنەهێنێتەوە و بڵێت (دەستی دوعام، جا دەبمە). دووەم، دەکرێت مەحوی زیاتر خۆی بە شێوازە دینییەکەوە گرێ دابێتەوە و (دەستی دوعا)ی هەم وەکو کۆ و هەم وەکو نەناسراو بەکارهێنابێت. لێرەدا دەکرێت ئاماژەبێت بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) کە دەفەرموێت (دوعای برای موسڵمان بۆ برای موسڵمان بەبێ ئاگای ئەو لای خوا قەبوڵە). بەواتایەکی تر، مەحوی دەڵێت تەنیا خۆم دوعام نەکردووە و موسڵمانانیش دوعایان بۆ کردووم، هەرچەندە دوعاکەیان لای یار گیرانابێت.

لە نیوەدێڕی دووەمدا ئەوە نیشاندەدات کە دوعاکەی لای یار گیرا نەبووە و دەبێت رێیەکی تر بگرێتەبەر. دیارە رێی یەکەمی بریتی بووە لە دوعاکردن، بەڵام لێرەدا لێکدژییەکی رووکاری هەیە لە نێوان (دەست بەدامێن)یەکەی مەحوی و (گۆشەگیری)یەکەیدا. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە بەکەسی بەرامبەر بڵێی (دەستم بە دامێنت)، دەبێت ئەو کەسە لە بەرامبەرت بێت و ئاخاوتنێکی رووبەڕوو بێت، بەڵام مەحوی لە خەڵوەتخانەکەی خۆیەوە بە یار دەڵێت (دەستم بەدامێنت). لە ژێر رۆشنایی دێڕە شیعرێکی تری مەحویدا کە دەفەرموێ:

شوکر تۆ لە فکرم ناچی، ئەگەرچی من لە فکرت چووم

لە من غایب نەبی تۆ، بەسمە، با مــن بــم لە تۆ غایب

دەکرێت بڵێین، مەحوی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت، ئەگەرچی بە جەستە یار لە مەحوییەوە نزیک نییە، بەڵام مەحوی هەمیشە بە خەیاڵ و بیرکردنەوە لەگەڵ یاردا دەژی و، هەموو هۆش و بیرکردنەوەیەکی لای یارە. هەر بۆیە راستەوخۆ بە یار دەڵێت دەستم بە دامێنت. بەڵام، کە دەزانێت دەستی دوعای ناگاتە دامەنی یار و، دوعاکەی لای یار گیرا نابێت، ئیتر رێگەی تر دەگرێتە بەر و ئەمجارەیان خوازیاری مردنە! مردنێک کە هەرچی زووترە ببێتەوە بەخاک و ببێتە خاکی ئەو رێگەیەی یار بەسەریدا گوزەر دەکات و دەخوازێت ئەمجارەیان تۆز و گەردی ئەو خاکە، کە ئەم پێکیهێناوە، لە رێ رۆشتنی یاردا بەرز بێتەوە و دامەنی یار بگرێت. وەک خۆی لە بەیتە شیعرێکی تردا ئاماژەی بۆ دەکات و دەفەرموێ:

پێی بە سەرما نا کە بوومە خاکی رێی، گەردم شوکر


گەییە دامێنی، دەڵاڵی بای شــەماڵــم بۆچیە!

لەم روانگەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مەحوی پلە و پایە و مەقامێکی بەرزی بۆ یار داناوە. پلە و پایەیەک کە مەحوی چیتر داوا لە خوا ناکات، دڵی یار نەرم بکات و بە بارانی سۆزی ئاگری دڵی مەحوی بکوژێنێتەوە، بەڵکو لێرەدا مەحوی رووبەڕووی یار دەستەودامان وەستاوە و رووی لە قیبلەگای یار کردووە و راستەوخۆ لە یار دەپاڕێتەوە و دوعای میهرەبانی و دڵنەرمیی یار دەکات کە بەزەیی بە حاڵی مەحویدا بێتەوە. دەکرێت ئەمە ئەو ( رێ)یە بێت کە مەحوی دەیگرێت.



# ودی ئالن

## لەبارەی ئینگمار بێرگمانەوە دەدوێت



- هۆلیوود ریپۆرتەر
- هەڤپەیڤین: گرێگ کیلدەی
- لە ئینگلیزییەوە: ژیوار جەوهەر

هەرلە تەمەنی گەنجییەوە ئەو کاتەی بۆ یەکەمین جار فیلمی هاوین لەگەڵ مۆنیکا دەبینێت، ودی ئالن دەبێتە هەوادارێکی سەرسەختی گەورە دەرهێنەری سویدی ئینگمار بێرگمان. لەم هەڤپەیڤینەدا، ودی ئالن باس لەوە دەکات کە بۆچی فیلمەکانی بێرگمان هێندە کاریگەرن

«نەوەی نوێ لەبارەی فیلمەوە زۆر نەزانن»

**هۆلیوود ریپۆرتەر: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سالانی شەستەکان، بڵاوبوونەوەی هەر فیلمێکی نوێی بێرگمان وەک ڕووداوێکی گرنگ لەلایەن شارەزایانی بواری فیلمەوە، باسی لێوە دەکرا. ئێستا پێگەی بێرگمان لە چ ئاستێکدایە؟**

**ودی ئالن :** لە راستیدا، نەوەی نوێ لەبارەی فیلمەوە زۆر نەزانن، هیچ زانیارییەکیان نییە. نەک تەنها لەبارەی بێرگمانەوە، بەڵکو ئەنتۆنینی، تروفۆ، کورۆساوا، بونوێلیش. فیلم بەشێک نییە لە توانای خوێندەواری و ڕۆشنبیریی ئەوان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، فیلمەکانی بێرگمان هەر مەزنن. کۆمەڵێک فیلمی زۆر مەزنن - فیلمەکانی بونوێل، فیلمەکانی کورۆساوا، زۆربەی فیلمە سەرکەوتووەکانی سینەمای ئەوروپی- هەموو ئەم فیلمانە فیلمگەلێکی زۆر زۆر مەزن بوون. مۆری حەوتەم کاتی خۆی فیلمێکی نایاب بوو، دەی ئێستاش هەر نایابە. ئەوان بە فیلمی پاسکیلدز ئاشنا نین؛ ئاشنا نین بە فیلمی وەهمی مەزن. هەروەها، زۆربەی زۆریان بە فیلمی هاونیشتیمانی کەین ئاشنانین. خۆ ئەگەر ئاشناش بن پێیان، وەک شتێک پێی ئاشنان کە بەرێکەوت لە تەلەفزیۆن بینیویانە. ئەوان ڕێزێکی زۆریان بۆ ئەم فیلمانە نییە - من، لەبەر ئەمە، هیچ رەخنەیەکیان لێ ناگرم- هیچ هۆکارێک نییە کە دەبێت یان پێویستە ڕێزیان لێبگرن. ئێستا زەمەنێکی جیاوازە. ئایکۆن و پاڵەوانەکانی ئەوان هیی سەردەمێکی دیکەن.

«سێ فیلمی ئینگمار بێرگمان زۆرنائاسایین»

**هۆلیوود ریپۆرتەر: تۆ لە خوێندنگەی ئامادەیی بووی کاتێک بۆ یەکەم جار فیلمی هاوین لەگەڵ مۆنیکات بینی. چ شتێکت دەربارەی یەکەمین بەرکەوتنت لەگەڵ فیلمێکی بێرگمان لە یادە؟**

**ودی ئالن :** بەڵێ، بەڵێ، ئەوەم لە یادە. یەکەمین فیلمی بێرگمان کە بینیبێتم ئەو فیلمە بوو چونکە قسەوباس هەبوو دەربارەی ئەوەی کە فیلمەکە دیمەنێکی ڕووتی تێدایە. ئەم شێوە پێشکەوتنە لە هیچ کام لە فیلمە ئەمەریکییەکاندا نەبینرابوو. تۆزێک پێکانیناوییە بەم شێوەیە بیری لێبکەیتەوە. بینیم، فیلمێکی زۆر زۆر سەرنجڕاکێش بوو. جگە لە دیمەنی ڕووتییەکە کە زۆر هێمن و نەرمونیان بوو. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە، هەر بە ڕێکەوت فیلمی وردە تۆزی دار و تینسێلم بینی. هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو دەربارەی ئەوەی کە ئەم فیلمە لەلایەن بێرگمانەوە دەرهێنرابێت - ئەمە ئەو کەسەیە کە هاوین لەگەڵ مۆنیکای دەرهێناوە - فیلمێکی نائاسایی بوو. بە بینینی ئەم هەموو شتە، لەسەر کورسییەکەم، لە جێگەی خۆم ڕەق بووبووم. بە خۆمم گوت «ئەم پیاوە کێیە؟» فیلمێکی هەستیار و نائاسایی بوو. بۆ جارێکی دیکەش، ئەم فیلمەشم خستە ناو فیلمە بیانییە جوانەکان، ئەمەش کارێکی باوبوو کە خەڵکی لەو سەردەمەدا دەیانکرد. ئەوکات، کۆمەڵێکی زۆر ناوەندی بەرهەمهێنانی فیلمی بیانی و چەندین فیلمی بیانیی زۆر باش هەبوون. پاشان، لە نیویۆرک پۆستەری فیلمەکانی شلیکی کێوی و جادووکار و دواتریش مۆری حەوتەم بڵاوکرانەوە. ئەم سێ فیلمە زۆر دڵخۆشکەر بوون - زۆر نائاسایی بوون.

«کارەهونەرییەکانی بێرگمان شاعیرانە بوون»

**هۆلیوود ریپۆرتەر: چ شتێک زۆر کاریگەر بوو؟ ستایل، یان ناوەڕۆکی فیلمەکان، ئەگەر بتوانی ئەم دووانە لە یەکتری جودا بکەیتەوە؟**

**ودی ئالن :** سێ هۆکار هەبوون. یەکەمیان، لەڕووی تێماوە، ناوەڕۆکی فیلمەکان زۆر لەگەڵ مندا دەگونجان. دووەم، تەکنیکە سینەماییەکانی، ستایلەکەی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، زۆر چڕ و ناوازە بوو بۆ من. سێیەمین هۆکاریش، شێوازی کارەکانی زۆر شاعیرانە بوو. ڕێبازی کارەکانی هیچ ئاسایی نەبوو؛ شاعیرانە بوو. مۆری حەوتەم، شلیکی کێوی و جادووکار فیلمگەلێکی زۆر شیعرین، بەهەمان شێوە، دواتریش، هەمان شێواز لە فیلمی هاوار و چرپەکاندا هەست پێدەکەی- دیالۆگی زۆر کەم لەم فیلمەدا هەیە. جووڵەی کامێرا بە دەوری خانووە سوورەکەدا سەرسامت دەکات. وەک تەماشاکردنی شیعر بە شێوەی جولاو وایە.

«کارەکانی بێرگمان ناوەڕۆک و تەکنیکی قورسیان تێدایە»

**هۆلیوود ریپۆرتەر: ڕەخنەگرەکان، بە تایبەتی ئەو کاتەی دەستتکرد بە دروستکردنی فیلمی جددیی زیاتر، ئاماژەیان بەوە داوە کە بێرگمان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کارەکانت هەیە. لەگەڵ ئەم قسەیە هاوڕایت؟**

**ودی ئالن :** ئەمە لە هەموو جۆرەکانی هونەردا ڕوودەدات، جا موزیک یان فیلم یان کۆمیدیا بێت. بێگومان کۆمەڵێک کەس هەن کە پێیان سەرسامیت، کاتێکیش کە دەستپێدەکەی، کاریگەریی ئەوانت لەسەر دەبێت. بێرگمانیش ئەمەی هەبووە، خۆی ئەمەی گوتووە، ڤیکتۆر خۆیۆسترۆم [ئەو دەرهێنەرەی کە وەک ئەکتەری سەرەکی بەشداری لە فیلمی شلیکی کێویدا کردووە]. خۆشەویستییەکی زۆری بەرامبەر بە ڤیکتۆر و فیلمەکانی هەبووە، تەنانەت فیلمەکانی بێرگمان خۆی لە کارەکانی ڤیکتۆر خۆیۆسترۆم دەچن. کارەکە بەمشێوەیە بەرێوەدەچێ. دواتریش، هێواش هێواش، یان وەک لاساییکەرەوەیەک دەمێنیتەوە، یاخود ئەم کاریگەرییە لەسەر کارەکانت ڕۆڵی دەبێ و کارەکانت دەوڵەمەندتر دەکات. ئەوەی من سەیر و نامۆ بوو، چونکە لە برۆکلین وەک کۆمیدیا بەپێوە کارم دەکرد، لەوێ نمایشی کۆمیدی و فیلمی کۆمیدیم دەردەهێنا. کاریگەرییەکی سەیرە. ئەگەر بڵێی ئەم پیاوە کاری کۆمیدی دەکات و بە کارەکانی ماکس برۆزێرس یان چارلی چاپلین یان پرێستۆن ستەرگس کاریگەرە، ئەوە شتێکی عەقڵانییە و ڕێی تێدەچێ. ئەگەر بە ئینگمار بێرگمان کاریگەر بێ- کە یەکێکە لە فلیمسازە درامییەکان و کارەکانی شاعیرانەن و ناوەڕۆک و تەکنیکی قورسیان تێدایە - ئەنجامەکەی دروستبوونی بەرهەمێکە کە کۆتاییەکی نائاسایی هەیە. بۆ من بەم شێوەیە بوو، جا ئەگەر باشتری کردبێ یان خراپتر. جۆرێکی تایبەتی کۆمیدیای پێبەخشیم کە لەگەڵ خەڵکێکی زیاتر دەهاتەوە، ئەمەش وایکرد بۆ هەموو ژیانم بەردەوام بم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەمیشە بینەرێکی کەمترم هەبوو.

**هۆلیوود ریپۆرتەر: بەهۆی ئەم هەموو ڕێزەی بۆ بێرگمان هەتە، یەکەم پەرچەکردارت، بە جۆرێک لە جۆرەکان، لاساییکردنەوەی مۆری حەوتەم بوو لە فیلمی عەشق و مەرگدا. ئایا ئەو وێنەی مەرگەی کە بێرگمان دروستیکردبوو شتێک بوو کە نەتدەتوانی گاڵتەی پێ نەکەی؟**

**ودی ئالن :** بە دڵنیاییەوە، بەڵام هەر بەڕاستی تۆ لاسایی شتێک دەکەیتەوە یان گاڵتە بە شتگەلێک دەکەیت کە خۆشتدەوێن. کە لەبواری هونەری کۆمیدیا و کۆمیدیای گاڵتەجاڕانە کارت کرد، لە هەر بارودۆخێکدا کارەکە دەربارەی ئەو شتانە دەبێت کە ئارەزووت لێیانە. کاتێک لەگەڵ بابەتێکدا نێوانت زۆر خۆش نەبوو، دەتوانی هەندێ شتی لێبکەی، بەڵام بە زۆری شتێک دەردەچێت کە دەکرێت ئازاری هەستی ئەوانی دیکە بدات و هیچ گاڵتەبازانە نەبێ. بەڵام کاتێک شتێکت زۆر خۆشدەوێ و گاڵتەی پێدەکەی، ئەنجامدانی کارەکە چێژبەخش و خۆشە و لە کۆتاییدا کارێکی گاڵتەئامێز و پێکەنینهێن دەردەچێ.

**هۆلیوود ریپۆرتەر: سالانی حەفتاکان، لە کۆتاییدا، بە دیداری بێرگمان گەیشتی. دیدارەکەتان چۆن بوو؟**

**ودی ئالن :** خەریکی وێنەگرتنی فیلمی مانهاتن بووم کاتێ بۆ یەکەم جار بە دیداری گەیشتم، لەسەر داواکاری ئەو. لیڤ ئولمان هاوڕێی هەردووکمان بوو، ئەو پێی گوتم کە بێرگمان لێرەیە و دەیەوێت پێکەوە نانی ئێوارە بخۆین. بە تەنها من و ئینگمار و هاوژینەکەی و لیڤ ئولمان بووین، لە شوقەکەی بێرگمان. کاتێکی زۆر خەریکی نانخواردن بووین و هەموو شەوەکەش گفتوگۆمان کرد.

«کەیفم بە پشووی کۆتایی هەفتە نایەت»

**هۆلیوود ریپۆرتەر: ستایل و تێما لەلایەک، پێدەچێت فیلمۆگرافیت ڕەنگدانەوەی فیلمۆگرافی ئەوبێ، چونکە کۆمەڵێک فیلمی زۆرتان لەسەر کۆمەڵێک بنچینەی هاوشێوە دروستکردووە.**

**ودی ئالن :** هەستدەکەم کۆپیم کردووە. ئەو نەیدەویست فیلمەکانی بەرهەمی زۆر گەورە بن - بێرگمان تەنها دەیەویست کاربکات. ئەو خۆشیی لە ڕەخنەگرەکان نەدەهات. هەروەها، هیچ ئارەزووی لە بۆکس ئۆفیس نەبوو. ئارەزووی لەوە نەبوو بۆنەی گەورە بۆ پیشاندانی فیلمەکانی سازبکات. منیش هەمان هەستم هەیە. تەنها حەز دەکەم فیلمەکان بەرهەم بهێنم و گرنگی بەوە نادەم کە چۆن پێشوازیی لێدەکرێت، چونکە ئەمە شێتت دەکات. دەتوانی بە باش و خراپ بیر لەمە بکەیتەوە. هەندێجار لەناو پیاهەڵدان و دەستخۆشییەکان ون دەبی، یان ڕەخنە باشەکان خەمبارت دەکەن؛ ئەمە هەمووی بە فیڕۆدانی کاتە. باشترە کاری خۆت بکەیت. ئەویش هەمان تێڕوانینی هەبوو. هیچ ئارەزووی لە کۆتایی هەفتە نەبوو، کەیفی بە پشووەکان نەدەهات، حەزی لە تیشکی خۆر نەبوو. منیش بەهەمان شێوە. هەرگیز حەزم بە کۆتایی هەفتە و پشووەکان نەبووە، هەرگیز ئارەزووم لە تیشکی خۆر نەبووە. ئەمە کاری سەرخۆشێک نییە، ئەمە چێژی تێدایە؛ وەک ئەوە وایە کار لەسەر حەز و ئارەزووی خۆت بکەیت. بۆ ئەویش هەر بەم شێوەیە بوو.

### لەبارەی ودی ئالن

ودی ئالن، لە1ی دیسەمبەری 1935 لەنیویۆرک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایک بووە. ئەکتەرو دەرهێنەر، نووسەری سینەمایی و شانۆ و ژەنیاری جازە. فیلمە سینەماییەکانی لەبواری ئەدەب و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و مێژووی سینەما ڕەهەندی قووڵیان هەیە و چوار جاریش خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتووە. ودی ئالن بە یەکێک لە دەرهێنەرە ناودارەکانی جیهان دادەنرێ.



سەرپەرشتیار: بزار حەکیم